# ئەحکامەکانی شتی دۆزراوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]


طارق حەسن هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# أحكام اللُّقطَة

« باللغة الكردية »

طارق حسن هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئەحکامەکانی شتی دۆزراوە

هەرکەسێك ئەگەر شتێکی وون بووی نرخ داری هەڵگرت ئەوە پێویستە لەسەری بزانێ ئەوە چیە و لەناو چی دایەو ژمارەیشی چەندە:

لەبەر فەرموودەکەی (أُبَيُّ بنُ كَعْب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: کیسەیەکم دۆزییەوە سەد (١٠٠) دیناری تێدا بوو، جا هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى) ئەویش فەرمووی :- ساڵێك پێناسەی بکە، جا منیش ساڵێك پێناسەم کرد، وکەسم نەبینیەوە ناونیشانی بدات، پاشان هاتمەوە بۆ لای ئەو یش فەرمووی: ساڵێك پێناسەی بکە، جا منیش پێناسەم کرد و کەسم نەبینیەوە، پاشان سێیەم جا هاتمەوە بۆلای فەرمووی: ((إحْفِظْ وِعَائَهَا وَعَدَدَهَا وَوِكَائَهَا، فَإنْ جَاءَ صَاحِبَهَا وَإلَّا فَاسْتَمْتِع بِهَا)) واتە: کیسەکەو ژمارەی و ئەو پەتەی پێی بەستراوە بزانەو لەبەری بکە جائەگەر خاوەنەکەی هات ئەوە بیدەرەوە ئەگینا ئەوە بۆ خۆت سوودی لێ وەربگرە. جا منیش سوودم لێ وەرگرت جا پاش ئەوە لە (مکە)بینیمەوە. [رواة البخاري (٥/رقم٢٤٢٦) ومسلم (٣/١٣٥٠/١٧٢٣) وغيرهما]

پاشان دوو شایەتی دادپەروەر بکاتە شایەت لەسەری

لەبەر فەرموودەکەی (عِيَاضُ بنُ حِمَار) (خوای لـێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی :((مَنْ وَجَدَ لُقْطَةً فَلْيُشْهِدْ ذَا عَدْلٍ أوْ ذَوَي عَدْلٍ . ثُمَّ لَايُغَيِّرْهُ وَلَايَكْتُمْ . فَإِنْ جَاءَ رَبُّهَا ، فَهُوَ أَحَقُّ بِهَا ، وَإِلَّا فَهُوَ مَالُ اللهِ يُؤْتِيْهِ مَنْ يَشَاءُ)) واتە : هەرکەسێك وون بویەکی دۆزیەوە ئەوە با شایەتی داد پەروەری لەسەر بگرێت یان دووشایەتی دادپەروەر، پاشان : نەیگۆڕێت و نەیشارێتەوە ، جا ئەگەر خاوەنەکەی هات ، ئەوە مافدارترە پێی ، و ئەگەر نەهات ئەوە ماڵی خوایە دەیداتە هەر کەسێك بیەوێت. [رواة ابو داود (٢/رقم١٧٠٩) وابن ماجة (٢/٨٣٧/٢٥٠٥) وهو صحيح برِواية صحيح ابن ماجه (٢٠٣٢)].

دەتوانێت پاش ساڵێك سوودی لـێ وەربگرێت

لەبەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ خَالِدِ الجُهَنِي) (خوای لـێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پرسیار لەپێغەمبەری خوا (صلی) کرا لەبارەی شتی دۆزراوە وە ، ئاڵتون بێت یان زیو ؟ ئەویش فەرمووی : ((أَعْرِفْ وِكَاءهَا وَعَفَاصَهَا ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً فَإِنْ لَمْ تَعْرِفْ فَاسْتَنْفِقْهَا ، وَلْتَكُنْ وَدِيْعَةً عِنْدَكَ فَإِنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْمَاً مِنَ الدَّهْرِ فَأَدِّهَا إِلَيْهِ)) واتە : ئەو پەتەی کەپێی بەستراوە بیناسە وبزانەچۆنە لەگەڵ ئەو سەر قەباغەی کەها بەسەریەوە ، پاشان ساڵێك پێناسەی بکە جا ئەگەر ناونیشان نەدرا ئەوە خەرجی بکە و باسپاردەبێت لات ، جا هەرڕۆژێك لەڕۆژان خاوەنەکەی هات ئەوە پێی بدەرەوە .[رواة البخارى (٥/٢٤٢٨) ومسلم (٣/١٣٤٩/١٧٢٢) وغيرهما].

وەئەگەر  شتە دۆزراوەکەبێ نرخ بوو دەتوانیت یەکسەر سوودی لێ وەربگریت

لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) خورمایەکی دۆزییەوە ، جا فەرمووی :((لَوْلَا أَنْ تَكُوْنَ مِن الصَّدَقَةِ لَأَكَلْتُهَا)) واتە : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت لەوانەیە ئەمە لە مالًی زەکات بێت ئەوە دەمخوارد [رواة البخاری (٥/رقم ٢٤٣١) ومسلم (١٠٧١/٧٥٢/٢)].

وەدۆزراوەی ئاژەڵیش هەڵدەگیرێت مەگەر ئاژەڵێك بێت بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات

لەبەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ خَالِدِ الجُهَنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : .....وەپرسیاری لیً کرد لەبارەی گوم بووی ووشترەوە ؟ ئەویش فەرمووی: ((مَالَكَ وَلَهَا ؟ دَعْهَا فَإِنَّ مَعَهَا حَذَائَهَا وَسِقَائَهَا ، تَرِدُ المَاءَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ ، حَتَّى يَجِدْهَا رَبُّهَا)) واتە : تۆچیتە بەسەریەوە ؟ وازی لێ بێنە پێڵاو کونەی خۆی پێیە دەچێتە سەر ئاوو لەداریش دەخوات ، تاخاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە ، وەپرسیاری لێ کرد لەبارەی مەڕەوە ؟ ئەویش فەرمووی : ((خُذْهَا. فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ أَوْ لِاَخِيْكَ أَوْ لِلذِّئْبِ))واتە : بیبە ، چونکە یابۆتۆیە وەیا بۆ براکەتە وەیا بۆ گورگە [رواة البخاری (٥/رقم/٢٤٢٨) ومسلم (١٧٢٢/١٣٤٩/٣) وغيرهما ].

سەرچاوە : بوختـەی فیقهی شەریعەت، سایتـي ئیسلام و سەردەم http://islamuserdem.net.